# فەرهەنگ و ڕێزمان
# لە لێکۆڵینەوەی وێژەوانییدا


پ. د. محمد عبدالفتاح حمه سعید (محەمەدی مەحویی)

زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ سکووڵی زمان/ بەشی کوردیی


**پێشەکیی:**

ئەم شیکردنەوەو توێژینەوانە پارێکی گرنگی دەروازەی یەکەمی پرۆژەی 'بەستانداردکردنی زمانی کوردیی' ن، کە ساڵی ئاینده، واتە (٢٠١٦)، لە سێ بەرگدا چاپ- و بڵاودەکرێتەوە. مەبەستی لێکۆڵەر ئاشناکردنی ڕێزمانەوان، زمانەوان، خوێنەرو ئەو کەسانەن بە تایبەتمەندیی و ئەدگارەکانی کرمانجیی ناوەڕاست، کە پییشە یان حەزوئارەزویان فەرهەنگی وشەکان و ڕێزمانەکەیین. ئەم خستنەڕووە ئەوە ئاشکرادەکات، کە ئەم بەرهەمەی بەردەستتان تایبەتە بە فەرهەنگ، مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس، بەڵام کە لە چێوەی لەکاردابوون و گۆکردنی (بەجێهێنانی ئەرکی ڕێزمانیی و واتایی) فۆنۆلۆژییدا جێبەجێکراوە. لەبەر بەشداریکردنی هێزو تەوژم accent لە گەیاندنی واتادا، ئامانجی وردتر گەیشتنە بە جۆری ئەو پەیوەندیانەی فەرهەنگ و پێکهاتەکانی ڕێزمان لە داڕشتن و نواندنی جۆرەکانی واتاو گەیاندنیاندا. بۆ بەشداریکردنەکەی 'تەوژم'، واتە فۆنۆلۆژیی، پێکهاتوە ئاوەڵکردارییەکانی /تەنها/ و /هەر/ هەڵاوێرکراون. گرووپی ئەم ئاوەڵکردارییانە 'یەکەی لەگەڵدا_هاتوو/یەکەی تەوژمیی' prosodic units لەگەڵ هەر فرێزێکدا دروستدەکەن، کە ڕاستەوخۆ لەدوایانەوە دێن و هێزێکی جیاکەرەوەیش دەخەنەسەری.

تەواوکەرە ناوەکیەکانی internal complementd فرێزی کردار بریتیین لە فرێزی بەرکاریی ڕاستەوخۆ، _بەرکاریی ناڕاستەوخۆو _ئاوەڵکرداریی. ئەمانەیان تەواوکەریی بنەڕەتیی و خورتیین، بەڵام لەتەك ئەوانیشدا دەشێت تەواوکەری زیادە هەبن، کە سەرپشکیی دەهێنرێنەناو ڕستەوەو زانیاریی زیادە دەنوێنن. تەواوکەری زیادە بە گشتیی فرێزی ئاوەڵکردار ('میوانەکان ئێستا گەیشتن')، _ئاوەڵکرداریی ('میوانەکان بە تومبییل هاتن ~ گوڵدانەکە لەسەر مێزەکە دانراوە') و ئاوەڵکردار_ئاسا ('ئەسپەکە جوان چوارناڵەدەکات') ن. 'سەربار' ئەو سەگمێنتە ناکردارییەی کردارە لێکدراوەکانە، کە لەناو ڕستەدا لە سەگمێنتە کردارییەکەیان جیادەبنەوە ('کچەکان سەمادەکەن ~ کچکەکان جوان سەمادەکەن ~ کچەکان سەما زۆر جوان دەکەن'). فرێزی بکەریی بە تەواوکەری دەرەکیی external complements دادەنرێت. ئاوەڵکردارییەکان دروستەیەکی واتایی/یەکەی واتایی لەگەڵدا_بوو لەگەڵ هەر یەك لەو فرێزانەدا بەرهەمدەهێنن.

کاتێك هێزێك دەخرێتە سەر ئاوەڵکرداریی /تەنها/ ی سەرەتاو ناوەوەی ڕستە، ئاوەڵکردارییەکە جیادەکرێتەوەو واتای (تاکوتەنهایی فرێزەکە) دەبەخشێت. بەم پێیە، واتای فەرهەنگیی و _سینتاکسیی لەیەکجیاکراونەتەوەو لەناو ئەمەی دواییاندا ئەم چەشنە واتا بەرهەمهێنراوانەی، پێکهاتوەکە دەیانبەخشێت، لەو واتا شاراوانەیش جیاکراونەتەوە، کە بە خشکەیی دەیگەیەنن. زاراوەی 'واتا_بەخشیین' بۆ ئەویان 'واتا_گەیاندن' بۆ ئەمیان چەسپێنراوەو براویشەتەدەرەوەی واتای پڕاگماتیکیی دەوروەوبەر_وابەستە. زمانی نوسینی سەرتاپای ئەم هەوڵەیان بەپێی دەستوورو یاسا هەڵهێنجراوەکانیەتی.

پەیوەست بەلایەنی تیۆریی هێز stress، تەوژم accent و گریمانەکاریەکانیەوە، سوود لە چەند سەرچاوەیەك بینراوە، کە بریتیین لە Ungeheuer, G. (1977), Schmerling, S.F. (1976), Hulst, H. van der and Smith, N. (1982).

بەشێکی نامەی لێکۆڵەر (١٩٨٩/١٩٨٨) بۆ 'کرداری ئاڵۆز' یان 'مۆڕفۆسینتاکس' Morphosyntax ی کرمانجیی ناوەڕاست تەرخانکرابوو. لە لێکۆڵینەوەکاندا، تا ئەو دەمەو سەردەمی دوای (١٩٩١) یش، شیکردنەوەو تویژینەوە لەسەر پێڕەوی کرداری ئاڵۆزی ڕێزمانەکەی نەدەبینران. پەی بەوە نەبرابوو، کە زارەکە چۆن و بۆچیی 'بکەر_خراو' ێکە pro-drop languages. لێرەدا، پێویستە ئاماژە بەوەیش بدرێت، کە 'هێز' و تەرزەکانی لە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوان و ڕێزمانەوانە کوردەکان و ئەوانەیشیاندا، کە خۆخەرییکردن بەزمانەکەوە تەنها حەزوئارەزویەك بووە، تاوەکو ئەمڕۆیش لەگەڵ 'تەوژم' دا تێکەڵ بەیەکتر کراون. ئەم پەینەبردنە بەو لایەنانەو ئەم دوو لایەنەی ڕێزمانی کوردیی، بێسەروبەریی و تێکدانی زمانە بەستانداربوەکەیان لێکەوتوەتەوە، بەڵام دیارە کە نەیشبونەتە بەشێکی خوێندن یان پەروەردەوپێگەیاندن. هۆی ئەو بارودۆخە زمانییە، لە ڕاستییدا، بۆ نەبونی پسپۆڕ لە بواری پێکهاتەکانی ڕێزمان و پەیوەندیەکانی نێوانیان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیی بۆ نەبونی پسپۆڕ لە بواری فۆنۆلۆژیی و مۆڕفۆ_فۆنۆلۆژیی کوردییدا.

ئامانجی سەرەکیی: گرفتی زمانەکە لە نوسییندا، نواندن و نەنواندنی هێزو تەوژمە بە هێمای تایبەت بە خۆیان. بەشێکی پێویستی پرۆژەکە بۆ زاڵبوونە بەسەر ئەو گرفتەدا، لەڕێی چارەسەرکردنی کێشەکانی و چەسپاندنی ڕاستیەکانیەوە. هەمان ئامانجیش بۆ ئەوەی بڕگەییەکان هەر ڕاستە. ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستتان، بەڵام خستنەڕووی ئەو ڕاستییەیە، کە بنەمای زانستیی 'لێکۆڵینەوە وێژوانیەکان ' فەرهەنگی ئاوەزیی (نەتەوەیی)' و 'ڕێزمانی کوردیی' ن.

هێماکان: چەشن و جۆری ئەم هێمانە، هەر وەك لە زانستی زماندا باوو ڕیشتووە، بەکارهێنراون و دەستووری سودبینیین لێیان پەیڕەوکراوە.

/_ / دوو هێڵی لار بۆ نوسینی پاشگر یان / _/ پێشگرە.

< > لەنێوان دوو سەرتیری پێچەوانەدا، نوسیین بە پێی دەستوری نوسینی زمانی ستاندارده

(بڕوانە نمونەکانی (١١_ب) و (١٥_ب)!).
(  ) واتاکان لەنێوان دوو نیوە_کەوانەی خڕدا تۆمارکراون.
[    ] دوو کەوانەی شکاوە بۆ جۆری نوسینی دەربڕاوەکان بە ئەلفوبێی فۆنەیتیکیی دیاریکراوە.
´´ هێمای هێزی سەرەکیی/یەکەم و `` ڕەمزی هێزی دوهەم دەنوێنن و ´´´ هێزی جەختخستنەسەر دەخاتەڕو.
نوسینی لار: یەکەو پێکهاتوە سینتاکسیەکانی، وەك نمونە لەناو دەقەکاندا هێنراوەنەتەوە، بە چاپی لار نوێنراون.

## ١) واتاو ناوەڕۆك

زمان لە 'زانستی زمانی مۆدێرن' دا وەك هۆو ئامێری سەرەکیی 'گفتوگۆوکردن، گەیاندن و لەیەکگەیشتن' communication پێناسەکراوە. گەیاندن و تێگەیشتنەکە لە بەرهەمە وێژەوانیەکانداو بەتایبەتیی لە هۆنراوەداو بەتایبەتیتر لە هۆنراوەی بەبێ ناونیشان و فرە ویست و مەبەستدا ئاڵۆزو تێکچرژاوە. هۆکانی ئەم ڕاستییە پەیپێبراوە خۆیان لەلایەکەوە لە جووت_فەرهەنگیی (کوردیی و عارەبیی) یان سێ_فەرهەنگیی (کوردیی، عارەبیی و فارسیی) زمانەکەمانداو لەلایەکی تریشەوە لە نەبونی بەرهەمی تۆمارکراوی تەواووپڕاوپڕی ئەو سیانەو ڕێزمانەکەیدا دەبیننەوە:
(ا) دەروازەی زانیاریی هەر وشەیەك، کە بریتیین لە پۆلەڕەگەز/کاتەگۆریەکەی، توخمەکەی، جۆری دەربڕینەکەی، چەشنەکانی واتا_سەرەکیەکەی، _لاوەکیەکەی، _لەگەڵدابوەکەی و _پڕاگماتیکیە فەرهەنگیەکەی، بەکارهێنانەکەی لە ڕستەو دەربڕاودا، هاوواتاو واتادژەکانی، لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەو پارێزراوە. کەواتە بەشێکی گرنگی هزر، دنیابینیی، بۆچونی باووباپیرانمان لە وشەکاندا (تێگەیشتن لە بوون، لەخۆو لە دنیا) هەڵگیراون و پێویستە بپشکنرێن و بخرێنەڕوو. (ب) 'ناوەڕۆکی ڕستە' لە واتای وشەو فرێزەکان دێتەئاراوە ('واتا_بەخشیین') و ئەم ناوەڕۆکەیە، کە لەلایەن قسەکەرەوە لە دەوروبەر جیاوازەکاندا بە مەبەستەوە بەکاردەهێنرێت و لێکۆڵەر ناوی 'مەبەستی پڕاگماتیکیی سینتاکسیی' لێدەنێت. دیارە کە 'واتای سینتاکسیی' وابەستەی دروستە سینتاکسیەکانیش هەن. لەتەك گشت ئەوانەدا، لەم لێکۆڵینەوەیەدا 'واتای 'یەکە لەگەڵدا_هاتوو' prosodic units ەکەی 'ئاشکرا دەگەیەنرێت'، لەو واتایەی جیاکراوەتەوە، کە بە 'شاراوەیی بەگوێگر دەدرێت'. ئەمەی دواییان بەرامبەر بە واتای پڕاگماتیکیی دانراە، کە بە 'خشکەیی دەگەینرێت'. واتای پڕاگماتیکیی بە خشکەییی دەدرێت و وابەستەی دەروبەرو مەبەستی قسەکەرە. واتای پێکهاتوی ئاوەڵکرداریی، کە بەشاراوەیی دەگەیەنرێت، بەشێك نییە لە زانیاریی جیهانیی، بەڵکو بەندە بە سەگمێنت و کاتەگۆریەکانی ناو ڕستەوە. لێکۆڵەر دەروازەی زانیاریی وشەکان و تێگەیشتنەکە بە بەشێکی سەرەکیی لە کولتوری کورد دادەنێت. ئامادەکردن و

**تۆمارکردنی فەرهەنگی ئاوەزیی هەر یەك لە کرمانجیی ناوەڕاست، _سەروو لەگەڵ گۆران و زازادا 'فەرهەنگی ئاوەزیی نەتەوەیی' و بەشە سەرەکیەکەی 'کولتور' ەکەی بەرجەستەدەکات. لەبەرئەوەی کولتوور یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی 'شارستانیی' و ئەو سەرچاوانە بە تۆمارکراویی لەبەردەستدا نیین، ڕەوایە بگوترێت:**

**نە ئەو بەشەی شارستانیی نەتەوەکەمان و نە ئەو چەشن و جۆرانەی واتاو ناوەرۆکی ڕستە لە توێژینەوەو شیکردنەوە وێژەوانیەکاندا پێیانزانراوەو حسابیان بۆکراوە –بەتایبەتەیی لەلێکدانەوە واتاییەکاندا.**

**٢) هێزی هەمبەریی یان جیاوازیی تەوژم**

**هێزی جیاواز لە گچەکترین جووتدا دەبینرێتەوە[١]: جیاوازیی لە گرژیی و خاوێتیی بڕگەییەکەی سەرەوەی (١_ا) دا گچکەترین جوتەکەی دروستکردووە. ئەمەیش بۆ وشەکانی (١_ب) هەمان چشتە[٢]. هەر یەك لە ناوە کرداریەکەی (٢_ب) و فرێزە کرداریەکەی بەرامبەری)[٣] یەك_بڕگەییەو بڕگەکەیشیان هەمان بڕگەییەکەی سەرەوەی خاوە (' /وو/'). کەواتە هۆکاری ئەو جیاوازیەیان لە واتایاندا بۆ گرژیی/خاوێتیی بڕگەییەکانیان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بنەمای ئەو ڕاستیانە دەبێت لە زرنگەی بەرزتری ئەوەی دوهەمیان و زرنگەی کەمتر بەزی ئەوەی یەکهەمیاندا بێت و/یان لە چەشنی تەوژمی بەرزبووەوەی ئەویان و جۆری تەوژمی دابەزییوی ئەمەی دواییاندا بدۆزرێتەوە. کاتەگۆریە فەرهەنگیەکە جۆرێك لە هێزو تەوژم داوادەکات، کە پێیدەدرێن و کاتەگۆریە سینتاکسیەکە جۆری تری پێویستە. هەم ناوە کرداریەکەی (٢_ا) دوو_بڕگەییەو هەم فرێزە کرداریەکەی بەرامبەریشی. پرۆژەی بڕگەکانی هەریەکەیان بڕگەییە ساردەکەی [I] دروستیکردووە. هەمان_دەنگیی ناوەکەو فرێزەکە ئاشکرایدەکات، کە لەڕێی جیاوازییانەوە لە کاتەگۆرییاندا تەوژمی جیاوازیان بە بەرزیی زرنگەی جیاوازەوە پێدراوە.**

١_ا) /کوڕ/ <کوڕ> [kuR] : /کووڕ/ <کووڕ> [k´u:R]،
_ب) /دوور_بیین/ <دوربیین> [dur . b´i:n] : /دوور_بیین/ <دووربیین> [du:r . b´i:n]،
٢_ا) /مردن/ <مردن> [mIr . d´Inn] : /مردن/ <مردن> [m´Ir . dIn]،
_ب) /چوون/ <چوون> [tSu:n] : /چوون/ <چوون> [tSu:n].

---

[١] ئەم پێزانراوە بەراییە لەگەڵ ڕونکردنەوەکان لەسەر هێزو ئاواز لە وریا عومەر ئەمین (١٩٩٤) و بەتایبەتیی (٢٠٠٤) دا بەراوردبکە!

[٢] محەمەدی مەحویی، واتە حەمەسەعید محمد (٢٠١٥_٢٠١٦)، بەڵام بیشڕوانە محەمەدی مەحویی، واتە حەمەسەعید محەمەد (٢٠٠٠) و (٢٠٠٩_ا)!

[٣] دەربارەی سینتاکسی کوردیی و دروستەی فرێزەکانی بڕوانە محەمەدی مەحوی، واتە حەمەسەعید محەمەد (٢٠٠١) و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ()!

نمونەکانی گچکەترین جوتەکان، کە بڕگەیی گرژو خاو دروستیکردون، ژمارەیان سنووردارە. لەگەڵ ئەوەیشدا هێزو تەرزەکانیان ڕۆڵێکی بنەماییان لە زمانەکەدا هەیە. ئەم ڕونکردنەوانە بۆ ئەوە بوون، لەلایەکەوە نیشانبدرێت چۆن لەڕێی کاتەگۆریەکەوە پێشبینیی لە تەرزی هێز دەکرێت و لەلایەکی تریشەوە دەربخرێت چۆن کاتەگۆری فەرهەنگیی و سینتاکسیی تەوژمی جیوازیان هەیە. لێرەوەیە دەبێت پرسیاربکرێت: ئایا شێوەی هێز، تەوژم بەشدارییی لە داڕشتن و گەیاندنی واتادا دەکات؟ بەرلەوەی وەڵامی پرسیاری لەم چەشنە بدرێتەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە هەردوکیان بەشێوەیەکی سەرەکیی وابەستەی چەشنەکانی کاتەگۆریین.

جۆرەکانی کاتەگۆریەکان ئاماژەی ڕاستەوخۆن بۆ تەرزی هێزی کاتەگۆریە سەرەکیی و ناسەرەکییە فەرهەنگیەکان لەناوخۆیانداو لەگەڵ ئەوانەی دەربڕاوەکانیشدا، هەروەها. بەگشتیی دابەشبونەکەیان تەواوکەرانەیە: ناوە هەڵگوێزراوە بەلێکسیمبوەکەی (٣)، وەك کاتەگۆریەکی سەرەکیی فەرهەنگیی، هێز_کۆتاییە، بەڵام هێزی سەرەکیی ئاوەڵکردارە هەڵگوێزراوەکەی (٣_ب) لەسەر بڕگەی بەرلەکۆتاییە. هەروەها ئاوەڵناوە بەلێکسیمبوەکەی (٤_ا) یش هەر سەرکۆتاییە. بەرامبەر بەوە ئاوەڵناوەکەی (٤_ب)، کە هێشتا نەبوە بە لێکسیمی سەربەخۆی ناو فەرهەنگ هەر حسابی جۆرێك لە دەستەواژەی نا_فەرهەنگیی یان نێوان_پێکهاتەیی بۆدەکرێت و هێزە سەرکەیەکەی بەیاسایەك دەخرێتەسەر وشە ژمارەکەو بەم جۆرە هێز_سەرەتاییە[1].

نمونەکانی (٥) تا ڕادەیەك هەمان شیکردنەوەو پەسنکردنەکانی (٤) یان هەیە: ئاوەڵناوە بەلێکسیمبوەکەی (٥_ا) هێز_کۆتاییەو فرێزەکەی (٥_ب) هێز_سەرەتاییە. واتە (٤_ب) لەڕوی کاتەگۆرییەوە لە (٥_ب) ەوە نزدییکە. هێزی سەرەکیی ناوە لێکدراوە بەلێکسمبوەکەی (٦_ا) لەسەر دوابڕگەی وشەکەیەو ئەوەی فرێزە خستنەپاڵەکەی (٦_ب) لەسەر سەگمێنتی یەکەمە. فرێزە پێشناویەکەی (٧_ا) لە کرداربەندیدانەیەو هێزە سەرەکیەکەی لەسەر بڕگەی بەرلەکۆتاییە، بەڵام بەرزیی زرنگەکەی زۆر نییە. هێزی یەکەمی فرێزەکەی (٧_ب) یش یاسابەندانە لەسەر هەمان بڕگەیە، بەڵام بەرزیی زرنگەکەی زۆرترە لەوەی (٧_ا).

٣_ا) /ڕۆژانە/ <ڕۆژانە> [Ro . Ja . n´W] (<ناو> مووچەی ڕۆژێك/پارەی هەر ڕۆژێکی منداڵ)

_ب) /ڕۆژانە/ <ڕۆژانە> [Ro . J´a: . nW] ( <ئاوەڵکردار> (هەر ڕۆژێك) لە ڕۆژەکانی هەفتە) :

٤_ا) /دوزمان/ <دوزمان> [du . zI . m´a:n] (<ئاوەڵناو> کەسێك، کە قسەدەهێنێت و دەبات) :

_ب) دوو زمان <دوو_زمان> [[d´u:] . [zI . man]] (<فرێزو> دوو زمان، نەك یەك یان سێ)

٥_ا) /دوقات/ <دوقات> [du . q´a:t] (<ئاوەڵناو> دونهۆم) :

_ب) دوو قات <دوو قات> [[d´u:] . [qat]] (<فرێز> دوو نهۆم) ~ (<فرێز> دوو قات جل)

٦_ا) /دارهەنجییر/ <دارهەنجییر> [dar . hWn . dJ´i:r] (<ناو> داری هەنجیر):

_ب) داری هەنجییر <داری هەنجیر> (<فرێز> درەختی هەنجیر) [[d´a: . ri] . [hWn . dJ`i:r]]،

[1] دەربارەی 'مۆڕفۆلۆژی کوردیی' بڕوانە محەمەدی مەحوی، واتە حەمەسەعییج محەمەد (٢٠٠٩_ب) و نەرمیین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠)!

٧_ا) بەتەماتە <بەتەماتە.> [bW . tW . m´a: . tW] (<فرێزی پێشناویی> بە سەوزەی تەماتە) :

_ب) بە تەماتە <بە تەماتە.> [bW] . [tW . m´´a: . tW] (<فرێز> /بەتەمابوون/ بە تەمای تۆیە))

هەر وەك لە نمونەکاندا دەبینرێت، مەیلە سەرەکیەکە بەو جۆرەیە، کە لەکوێدا هێز ئامادەبێت، لەوێدا بڕگەیی خاو ئامادەیە. کاتەگۆریەکانیش پێماندەڵێن، کە تیایاندا بە 'یاسای دانانی هێز' هێزی سەرەکیی دەخرێتەسەر کام بڕگەیەیان. لەبۆ دەربڕیینی دروستیان، ئاخێوەر ئەو ئەرکەی لەسەرە کاتەگۆریەکان لەیەکجیابکاتەوەو یاساکانی دانانی هێز لەسەریان لەبەر بکات. منداڵ ئەم زانیاریانە لەبەکارهێنان و ئاخاوتنەکاندا وەردەگرێت و کەسانی بیانیی، کە زمانەکە فێردەکرێن و فێردەبن، دەرخیاندەکەن. لەبەرئەوەیە، کە دەبێت ئەم جۆرانەی هێز لە ئۆرسۆگرافیی کوردییدا پێویستیان بە 'هێماکانی هێز' نەبێت، بۆ نیشاندانیان لە زمانی نوسیینەکەیدا. پەیوەست بە نواندنی ئۆرسۆگرافیانەی تەوژمەوە، پرس و بابەتەکە ئاڵۆزترن.

**٣) پێکهاتوە ئاوەڵکرداریەکان**

لێرەوە گفتوگۆکان لەسەر 'پێکهاتوە ئاوەڵکرداریەکان' ی ئاوەڵکرداریەکانی /تەنها، فەقەت، هەر/ دەبێت، کە لە ناو دروستەی سینتاکسیی و مەودای واتایی خۆیاندا هێزی جیاکەرەوە بە فرێزەکەی ڕاستەوخۆ دوای خۆیان دەدەن و واتای جۆراوجۆر بە پێکهاتوەکان دەبەخشن و بەشاراوەیی واتای زیادە دەگەیەنن. واتا، لەسەروو ئەو واتایانەوە، کە دروستە سینتاکسیی و واتاییەکانی ئاوەڵکرداریەکان و فرێزەکان دەیانبەخشن، کۆمەڵێك واتایش بە شارراوەیی لەگەڵیاندا دەگەیەنرێن و لەم وەچەپارەدا گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. بۆ ئەو مەبەستەیش ئەم نمونانە هەڵبژێردراون. کەواتە دروستەی سینتاکسیی و دیاردەی واتایی زۆرتر هەن، کە لێرەدا شوێن و دەرفەتی پشکنیینیان نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە تەرزی هێزو دانانی جۆری تەوژم بەشدارن لە داڕشتن و گەیاندنی واتاو واتای شاراوەدا. واتا شاراوەکانی، قسەکەر بە یاریدەی ئاوەڵکرداریەکان و چەشنی تەوژم دەیانگەیەنێت، لەچەق و ناوەندی ئەم شرۆڤانەدان.

**٢/١) ئاوەڵکرداریی /تەنها/**

ئاوەڵکرداریی /تەنها/ ی سەرەتاو ناوەوەی ڕستە لەباری ئاساییدا بەبێ هێزە، واتە هێز ناخرێتەسەری. ئاوەڵکرداریی و فرێزەکەی ڕاستەوخۆ دوای خۆی، کە دەکەوێتە مەودا واتاییەکەیەوە، دروستەیەکی سینتاکسیی و وردتر یەکەیەکی لەگەڵدا_هاتوو دروستدەکەن. ئاوەڵکرداریەکە هێزێکی جیاکەرەوە بە فرێزەکە دەدات. بەم کارەی واتایەك بە دروستەکە دەبەخشێت و واتای شاراوەیشی پێدەگەیەنێت: مەودای /تەنها/ ی (٨_ا) فرێزە بکەریەکەیەو تێیدا هێزە جیاکەرەوەکەی خستۆتەسەر کۆتایی ئەو فرێزە، بۆیە واتای (فەقەت ئەو هات) دەبەخشێت و

واتای (کەسی تر نەهات) یش دەگەیەنێت. لە (٨_ب) دا هێزێکی بەهێز لەچەشنی هێزی جەختخستنەسەر خراوەتەسەر /تەنها/ و هێزی ئاسایی ڕستە تێنەپەڕەکەیش بەپێی یاسایەك خراوەتەسەر کردارە تێنەپەڕەکە. بەم پێیە ئاوەڵکردارییە هێز_لەسەرەکە هێزی جیاکەرەوەی بەهیچ فرێزێك نەداوەو ڕستەکە واتای (بکەرەکە خۆی بەتاکو تەنهایی هات) دەردەبڕێت و بە شاراوەیی واتای (کەسی لەگەڵدا نەبوو، کە هات یان کەسی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا) دەگەیەنێت. مەودای واتایی /تەنها/ ی (٨_پ) خودی کردارە تێنەپەڕە شکاوەکەیەو هێزە جیاکەرەکەی هەر بەم داوە، بۆیە پێکهاتوەکە واتای (فەقەت هات) دەردەبڕێت و واتای (کارێك یان چشتێکی تری نەکرد) یش دەگەیەنێت.

(٩_ا) شیکردنەوەو ڕونکردنەوەی (٨_ب) ی هەیە، بەڵام تەنها جیاوازییان لەوەدایە، کە کردارەکەی ئەویان لێکدراوی تێنەپەڕەو ئەوەی ئەمیان تێپەڕی سادەیە. (٩_ب) نمونەیەکە بۆئەوەی، کە مەودای /تەنها/ فرێزی ناویی بەرکاریی ڕاستەوخۆیەو واتاکەی (فەقەت نان دەخوات) بەدەستەوەدەدات و واتای (چشتێکی تری وەك چێشت، میوەو ... هتد. ناخوات) دەگەیەنێت. ڕستەکەی (٩_پ) هەمان پەسنکردنی هەیە، بەڵام مەودای /تەنها/ لەمیاندا فرێزێکی دیاریکەرە. لە (٩_ت) دا، ئاوەڵکردارِیی /تەنها/ لەسەرەتای فرێزی کرداریدایەو مەودا واتاییەکەی خودی کردارە شکاوەکەیەو هێزە جیاکەرەوەکەی خستۆتەسەر کۆتایی کردارەکە. هێزەکەو تەوژمە بەرزبووەوەکەی سەر کردارەکە واتای (فەقەت نانەکەی خوارد) دەبەخشن و واتای (کارێکی تری بەنانەکە نەکرد) دەگەیەنێت.

٨_ا) تەنها ئەو هات <تەنها ئەو هات.>

(فەقەت/هەر ئەو هات، کەسی تر نەهات، لەناو کەسەکاندا فەقەت ئەو هات)

[tWn . ha] . [[?Wu]] . [h`a:t]]

_ب) تەنها ئەو هات <تەنها، ئەو هات.> [tWn . h´´a:], [?Wu] . [h`a:t]

(ئەو بە تاکوتەنهایی هات، کەسی لەگەڵدا نەبو، کە هات یان کەسی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا)

_پ) ئەو تەنها هات <ئەو تەنها هات.> (فەقەت هات ،(و هیچی تر/هیچی تری نەکرد)

[?Wu] . [[tWn . ha] . [h´a:t]]

_ت) ئەو تەنها هات <ئەو، تەنها، هات.> [[?Wu] . [[tWn . h´´a:] . [h`a:t]]

(ئەو بەتاکوتەنهایی هات، کەسی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا)

٩_ا) ئەو تەنهاناندەخوات <ئەو تەنها ناندەخوات.>

[?Wu] . [[tWn . ha] . [nan . dW . xw´a:t]]

(ئەو فەقەت ناندەخوات (هیچی تر ناکات)، (ئەو ناخواتەوە)،

_ب) ئەو تەنها نان دەخوات <ئەو تەنها ناندەخوات.>

[?Wu] . [[tWn . ha] . [n´a:n]] . [dW . xwat]

(چشتی تری وەك میوەو ... ناخوات)

_پ) من تەنها نانەکەم خوارد <من تەنها نانەکەم خوارد> (من فەقەت نانەکەم خوارد)

[[tWn . ha] . [na . nW . k´Wm]] . [xw`a:rd]

[[tWn . ha] . [n´a: . nW . kWm]] . [xw`a:rd]

(من تەنها نانەکەم خوارد)، (چشتەکانی ترم نەخوارد))

_ت) من تەنها نانەکەم خوارد <من تەنها نانەکەم خوارد.>

[[tWn . ha] . [na . nW . k`Wm] . [xw´a:rd]]

(من فەقەت نانەکەم خوارد (هییچی ترم لە نانەکە نەکرد)

لە (١٠_ا)، مەودای واتایی /تەنها/ *گوڵدانەکە* یەو واتای (فەقەت گوڵدانەکە) ی هەیەو واتای (چشتێکی ترم لەسەر مێزەکە دانەنا) دەگەیەنێت. مەودای واتایی /تەنها/ ی (١٠_ب) فرێزە پێشناوە تەواوەکەیەو هێزە جیاکەرەوەکە لەسەر *مێزەکە* یەو واتای (فەقەت لەسەر مێزەکەم داناوە) و لەسەر چشتێکی ترم دانەناوە) دەگەیەنێت. مەودای واتایی /تەنها/ ی سەرەتای فرێزە کرداریەکەی (١٠_پ) خودی کرارە شکاوەکەیە، بۆیە تەرزی هێز، جۆری تەوژم و واتاکانی (١٠_ت) ی هەیە. لە (١٠_ت) دا هێزی جیاکراوەو جەختخستنەسەر خراونەتەسەر فرێزی پێشناویی_ئاوەڵکرداریی *لەسەر* و واتاکەی (فەقەت لەسەر) دەبەخشێت و واتای (نەك لەلا، لەتەنیشت، لەژێر، ...) یش دەگەیەنێت.

١٠_ا) من تەنها گوڵدانەکەم لەسەر مێزەکە دانا <من تەنها گوڵدانەکەم لەسەر مێزەکە دانا.>

[[tWn . ha] . [guL . da: . nW  k´Wm]] . [lW . sWr . me . zW . kW]] . [da . na:]

(من فەقەت گوڵدانەکەم لەسەر مێزەکە دانا (چشتێکی ترم دانەنا/چشتێکی ترم نەکرد))

_ب) من گوڵدانەکەم تەنها لەسەر مێزەکە دانا <من گوڵدانەکەم تەنها لەسەر مێزەکە دانا.>

[mIn] . [guL . da: . nW  kWm] . [[tWn . ha] . [lW . sWr . m´e: . zW . kW]] . [da . n`a:]

(فەقەت لەسەر مێزەکە (لەشوێنێکی ترم دانەنا/لەشوێنێکی تر دامنەنا)

_پ) من تەنها گوڵدانەکەم لەسەر مێزەکە دانا <من تەنها گوڵدانەکەم لەسەر مێزەکە دانا.>

[[tWn . ha] . [guL . da: . nW  kWm] . [lW . sWr . me: . zW . kW]] . [da . n´a:]

(من فەقەت گوڵدانەکەم لەسەر مێزەکە دانا (کارێکی ترم لە گوڵدانەکە نەکرد))

_ت)  من تەنها گوڵدانەکەم لەسەر مێزەکە دانا <من تەنها گوڵدانەکەم لەسەر مێزەکە دانا.>

[guL . da: . nW  kWm] . [[tWn . ha] . [lW . s´´Wr]] . [me: . zW . kW] . [da . na]

(جەختدەخرێتەسەر 'لەسەر' و واتای تەنها لەسەر مێزەکە (نەك لەناو/لەژێر، لەلای مێزەکە))

١١_ا) ئەو تەنها لەسەر تۆ دەنوسێت <ئەو تەنها لەسەر تۆ دەنوسێت.>
[?Wu] . [[tWn . ha] . [lW . sWr . t´o:]] . [dW . nu . set]
(فەقەت لەسەر تۆ دەنوسێت)، (لەسەر کەسی تر نانوسێت))

_ب) ئەو لەسەر تەنها تۆ دەنوسێت < ئەو، لەسەر، تەنها تۆ دەنوسێت.>
(ئەو فەقەت لەسەر تۆ دەنوسێت)، (لەسەر کەسی تر نانوسێت))
(جۆرێك لە جەختخستنەسەر بەرکار) و (تاکیید/دڵنیابوون))
[?Wu], [lW . sWr], [[tWn . ha] . [t´´o: ]] . [dW . nu . set]

_پ) ئەو تەنها لەسەر تۆ دەنوسێت <ئەو تەنها لەسەر تۆ دەنوسێت.>
[?Wu] . [[tWn . ha] . [lW . sWr . to] . [dW . nu . s´e:t]]
(فەقەت لەسەر تۆ دەنوسێت)، (کارێکی/چشتێکی تر ناکات لەسەر تۆ))
(ئەو فەقەت دەنوسێت، لەسەر تۆ (پەیوەست بەتۆوە، کارێکی تر ناکات)

_ت) *ئەو تەنها لەسەر تۆ دەنوسێت
[?Wu] . [[tWn . ha] . [lW . s´Wr]] . [to] . [dW . nu . set]*
(فەقەت لەسەر)، (نەك لەژێر، لەلا ...) دەنوسێت))

/تەنها/ هێزی جیاکەرەوەی خستوەتەسەر کۆتایی فرێزە پێشناویەکەو واتای (فەقەت لەسەر کەسەکە/چشتەکە کارەکەدەکرێت) دەبەخشێت و واتای (لەسەر کەسی/چشتی تر نا) دەگەیەنێت، کە یەکسانە بە بەدەرکردنی کەسانی/چشتی تر (١١_ا). فرێزە پێشناوییە ئاوەڵکردارییەکەی *لەسەر* ی (١١_ب) هێنراوەتەپێش بۆئەوەی جۆرێك لە جەخت بخرێتەسەر کەسەکە/چشتەکەو واتای (فەقەت کەسەکە/چشتەکە) ببەخشێت و بەدەرکردنەکە کەمبەها بێت. /تەنها/ ی سەرەتای فرێزی کرداریی هێزی جیاکەرەوەی خستوەتەسەر کردارە شکاوەکەو واتای (فەقەت ئەو کارە لەسەر کەسە/چشتەکە کراوە) دەبەخشێت و واتای (کارێکی/چشتێکی تری لەسەر نەکراوە) دەگەیەنێت (١٤_پ). /تەنها/ ناتوانێت هێزی جیاکەرەوە بدات بە ناوە ئاوەڵکردارییەکەی /سەر/، چونکە ناتوانێت لەگەڵ ئەو کردارەدا پەڕادیگمای وەك * *لە ناو/ لەژێر/ لەلا تۆ دەنوسێت* دروستبکات (١١_ت).

١٢_ا) ئەوان تەنها لەسەر مێزەکە دەمەقاڵێیانە <ئەوان تەنها لەسەر مێزەکە دەمەقاڵێیانە>
[[tWn . ha] . [lW . s´Wr]] . [me . zW . kW]]]
(تەنها کاتێك لەسەر مێزەکە دانیشتوون، دەمەقاڵێیانە)

_ب) ئەوان تەنها لەسەر مێزەکە دەمەقاڵێیانە <ئەوان تەنها لەسەر مێزەکە دەمەقاڵێیانە>
[tWn . ha] . [[lW . sWr] . [me . zW . k´W]]]
(دەمەقاڵێکەیان لەسەر مێزەکەیە (لەسەر چشتێکی تر نییە))

پاشگرە ئاوەڵکرداریەکانی /_دا، _ەوە/ دەشێت ڕێگە لەوە بگرن، هێزی جیاکەرەوە بخرێتەسەر فرێزە ناویەکانیان/دیاریکەریەکانیان، کە ئاوەڵکرداریی نین. وشەی /مێز/ ناوێکی ئاوەڵکرداریی نییەو فرێزی پێشناویی وەك *لە مێزەوە ڕێگەپێنەدراوە. فرێزە ناویەکانی، کە ناوەکانیان ئاوەڵکردارین، وەك *لەسەر، لەناو، لەلا، لەتەنیشت* ی ناو فرێزە پێشناویەکەی *تەنها لەسەر مێزەکە دانیشتووە* ڕێگە بەوە دەدەن هێزی جیاکەرەوە بە فرێزە ناوییە_ئاوەڵکرداریەکەی *لەسەر* بدرێت، بۆئەوەی واتای (لەژێر مێزەکەدا دانەنیشتوون) بەدەستەوەبدات. کەواتە فرێزی ئاوەڵکرداریی *لەسەر* (ڕوبەرێك (١٢_ا)) دەبەخشێت و ناوەرۆکی ڕستەکەیش ئەوەیە، کە ئەوان تەنها کاتێك شەڕیانە، کە لەسەر مێزی دانیشتن و خواردنەوەن. لەمیاندا تەوژمەکە لەسەر پێکهاتووی *تەنها لەسەر* ە. *لەسەر* (ی (١٢_ب) بەواتای (دەربارەی) ەوە لەگەڵ *مێزەکە* دا پێکهاتویەکیان هێناوەتەئاراوە، کە کەوتوەتەناو مەودای *تەنها* وە. تەوژمەکەی ئەم ڕستەیەیان لەسەر ئەم پێکهاتوەیە، بۆیە ناوەرۆکی (ئەوان شەڕەکەیان لەسەر مێزەکەیەو لەسەر چشتی تر نییە) ی هەیە. واتە، بەگشتیی ناتوانرێت هێزی جیاکەرەوە بخرێتەسەر فرێزە ئاوەڵکرداریەکانی، فرێزە ناویەکانیان/دیاریکەریەکانیان ئاوەڵکرداریی نین. بەم جۆرە، چەشنی ئاوەڵکرداریی‌یەکەی /لەسەر/ (دەربارەی) و جیاوازیی لە فرێزێزی پێشناویی *لەسەر* ی بەرهەمهێنراو لە پێشناوی /لە/ و ناوە ئاوەڵکرداریەکەی /سەر/، ئەو دوو تەرزی هێزەو ئەو دوو چەشنی تەوژمەیان هەیەو بەشێکن لە زانیاریی فەرهەنگیی و زانیاریی سینتاکسیی شارەوەی ئاخێوەری (ك ن). ڕستەکانی (١٢) لەگەڵ ڕستەی وەك *ئەوان هەمیشە لەسەر ئاوەکە هەرایانە* دا بەراوردبکە!

١٣_ا) ئەو تەنها مامۆستایە <ئەو تەنها مامۆستایە.>

[[tWn . ha] . [ma . mos . t´a: . yW]]

(چشتێکی تر نییە، کارێکی تر ناکات، پۆستێکی تری نییە)

_ب) ئەو تەنها زیرەکە < ئەو تەنها زیرەکە.>

.[[tWn . ha] . [z`i: . rW . k´W]] ~ [[tWn . ha] . [zi . rW . k´W]]

(ئەو تایبەتمەندییەك یان ئەدگارێکی تری نییە (ئاوەڵناوەکانی تری ناخرێتەپاڵ))

ئاوەڵکرداریی /تەنها/ واتای (فەقەت چشتەکە یان ئەدگارەکە/تایبەتمەندییەکەی هەیە) بە کردارەبەندییەکە دەبەخشێت و بەخشکەیی واتای (چشتێکی تر نا) یان (ئەدگارێکی/تایبەتمەندییەکی تر نا) دەگەیەنێت (١٣). بۆ ئەوەی گوێگر لە واتا خشکەییەکەی قسەکەرو کردارەبەندییەکەی بگات، پێویستی بە زانیاری سینتاکسیی و ناسینەوەی کاتەگۆریە فەرهەنگیەکانە.

**۱/۲) ئاوەڵکرداریی /هەر/**

**بەڵگە بۆ بەشداریکردنی ئاوەڵکرداریەکان لە داڕشتن و گەیاندنی واتادا، نموونەکانی (١٤) دەماندەنێ: مەودای واتایی /هەر/ لە (١٤_ا) دا *مامۆستا* یەو واتای (پیویستە تەنها/فەقەت مامۆستا بێت بۆ لامان) دەردەبڕێت. مەوداکەی /هەر/ ی (١٤_ب) تەر سەگمێنتە ناکرداریەکەی پێکهاتووی کرداربەندیەکە دەگرێتەوە ('مامۆستا') و هێزە جیاکەرەوەکە دەخاتەسەر بڕگەکەی کۆتایی، بۆیە واتای (دەبێت تەنها/فەقەت مامۆستا بێت) دەبەخشێت و (چشتێکی تر نەبێت) دەگەیەنێت. مەودای واتایی /هەر/ ی ئەو ڕستەیە ناتوانێت خودی کردارەکە بگرێتەوە (١٤_پ)، ئەگەر خودی خۆی هێز_لەسەر نەبێت (١٤_ت). ئێستا بەسوودە، گە بەراوردکارییەك لەنێوان بەرزیی زرنگەی *بێت* ی (١٤_ب) و ئەوەی (١٤_ت) دا بکرێت.**

**١٤_ا) دەبێت هەر مامۆستا بێت <دەبێت هەر مامۆستا بیێت.>**

[dW . bet] . [[hWr] . [ma . mos . t`a:]] . [b´e:t]،

**(مەودای واتایی /هەر/ مامۆستا یەو واتاکەی (پێویستە تەنها مامۆستا بێت بۆ لامان/بۆ ژورەوە) یە.**

**_ب) دەبێت هەر مامسۆتا بێت <دەبێت هەر مامۆستا بێت.>**

، [dW . bet] [[hWr] . [ma . mos . t`a:]] . [bet]

**(مەودای واتایی /هەر/ مامۆستا یە، کە لە کرداربەندییدایە: (تەنها مامۆستا بێت و چشتێکی تر نەبێت)**

**_پ) *دەبێت هەر مامسۆتا بێت <دەبێت هەر مامسۆتا بێت.>**

* [dW . bet] . [[hWr] . [ma . mos . ta] . [b´e:t]]

**(مەودای واتایی /هەر/ کرداربەندیەکەیە: تەنها مامۆستا بێت و کەسێکی تر نەبێت)**

**_ت) دەبێت هەر مامسۆتا بێت < دەبێت هەر مامسۆتا بێت.>**

[dW . bet] . [[h`Wr] . [ma . mos . ta]] . [b´e:t]،

**(مەودای واتایی /هەر/ ی هێز_لەسەر کرداربەنیەکەیە:**

**(هێشتا) هەر مامۆستا بێت و وازی لە مامۆستایەتیی نەهێنابێت/چشتێکی تر نەبێت))**

**١٥_ا) ئەو هەرناندەخوات <ئەو هەر ناندەخوات.>**

[[hWr] . [nan . dW . xw´a:t]]

**(فەقەت ناندەخوات (چشتێکی تر ناکات))**

**_ب) ئەو هێشتا هەر ناندەخوات < ئەو (هێشتا) هەر ناندەخوات.>**

([heS . ta:]) . [[h`Wr] . [n´a:n . dW . xwat]]

**(بەردەوامە لەسەر نانخواردن (دەستی لە نانخواردن هەڵنەگرتووە))**

**_پ) ئەو هەر ناندەخوات <ئەو هەر ناندەخوات>**

[[h`Wr] . [nan . dW . xw´a:t]]

(هەر کاتێك بێت هەر دەیخوات (دڵنیاین، کە هەر دەیخوات)
(بیەوێت و نەیەوێت، دەبێت هەر بیخوات)، (بەزۆریش بێت دەبێت بیخوات)))

/هەر/ و فرێزی کرداری کرداری لێکدراو دروستەی واتایی دروستدەکات و هێزی جیاکەرەوە دەخاتەسەر کردارەشکاوەکە/ بۆئەوەی واتای (تەنها/فەقەت ئەو کارەدکات) ببەخشێت و (چشتێکی تر ناکات) بگەیەنێت (١٥_ا). ئەگەر هێزە جیاکەرەوەکەی بخاتەسەر سەگمێنتە ناویەکەی کردارەکە (١٥_ب)، ئەوا واتای (بەردەوامە لەسەر کارەکەی) دەردەبڕێت و واتای (دەستی لێهەڵنەگرتوە) دەگەیەنێت. دانانی ئاوەڵکرداریی /هێشتا/ لەم ڕستانەدا سەرپشکییە. لە (١٥_پ) هێزێك خراوەتەسەر /هەر/ و هێزی جیاکەرەوە لەسەر کردارە شکاوەکەیە، نەك لەسەر سەگمێنتە ناویەکە، بۆئەوەی واتای (تاکیید/دڵنیابوون لە بەجێهێنانی کارەکەدا) دەربڕێت و بەخشکەییش واتای (بیەوێت و نەیەوێت یان بە زۆریش بێت) بگەیەنێت.

١٦_ا) ئەو هەر ئەمڕۆ ڕاپۆرتەکە دەنوسێت <ئەو هەر ئەمڕۆ ڕاپۆرتەکە دەنوسێت.>
[[hWr] . [?´Wm . Ro]] . [Ra . por . tW . kW] . [dW . nu . se:t]
(تەنها/فەقەت ئەمڕۆ ڕاپۆرتەکە دەنوسێت)
_ب)* ئەو هەر ئەمڕۆ ڕاپۆرتەکە دەنوسێت <ئەو هەر ئەمڕۆ ڕاپۆرتەکە دەنوسێت>
[[hWr] . [?Wm . Ro] . [Ra . por . tW . kW] . [dW . nu . s´e:t]]
(ئەمڕۆ تەنها ڕاپۆرتەکە دەنوسێت (چشتێکی تر ناکات))
_پ) ئەو هەر ئەمڕۆ ڕاپۆرتەکە دەنوسێت <ئەو هەر ئەمڕۆ ڕاپۆرتەکە دەنوسێت.>
[[h`Wr] . [?Wm . R´o:]] . [Ra . por . tW . kW] . [dW . nu . se:t]
(بەدیاریکراوی ئەمڕۆ دەینوسێت)، (هەر ئەمڕۆ دەستپێدەکات))

ئاوەڵکرداریی /هەر/ لەگەڵ فرێزێکی ئاوەڵکرداردا دروستەیەکی واتایی دروستدەکات و هێزی جیاکەرەوە دەخاتەسەر سەرەتای فرێزەکە بۆئەوەی واتای (تەنها/فەقەت ئەو کاتە/شوێنە) دەربڕێت، نەك (کاتێکی/شوێنێکی تر) بگەیەنێت (١٦_ا). واتای شاراوەی (کاتێکی/ڕۆژێکی تر نا) بە نادیاریی دەگەیەنێت. مەودای واتایی /هەر/ ی سەرەتای فرێزی کرداریی ناتوانێت کردارە شکاوەکە بگرێتەوە، بۆیە (١٦_ب) ڕێگەپێنەدراوەو دەبێت ئەمەیش لەلای قسەکەر ئاشکرا بێت. تاوەکو قسەکەر واتای (بەدیاریکراویی ئەم کاتە کارەکەدەکات) بە گوێگر/خوێنەر بدات، دەبێت هێزێك بخاتەسەر ئاوەڵکرداریەکەی /هەر/ و هێزی جیاکەرەوە بخاتەسەر کۆتایی فرێزە ئاوەڵکردارەکەی ڕاستەوخۆ دوای خۆی (١٦_پ).

١٧_ا) ئەو هەر دەبێت نانەکە بخوات ~
[[h`Wr] . [d´W . bet]] . [n´a: . nW . kW] . [b`I . xwat]

**ئەو هەر دەبێت بیخوات**

[[h`Wr] . [d´W . bet]] . [b`i . xwat]

**١٨_ ئەو دەبێت هەر نانەکە بخوات**

[d´W . bet] . [[h`Wr] . [n´a: . nW . kW]] . [b`I . xwat]

**ئەو دەبێت هەر بیخوات**

[d´W . bet] . [[h`Wr] . [b´i: . xwat]

**لە دروستەی سینتاکسیی/واتایی ئاوەڵکرداریی و فرێزەکەی ڕاستەوخۆی دوای خۆیدا، کە هێزە جیاکەرەوەییەکەی پێدەدات، لێلیٚ واتایی نییەو واتاکە ئاشکراو لەڕووە. ئەم لایەنە واتاییە بەتایبەتیی لە ڕستەدا بە کرداری ویستوئارەزوهێنەرو ڕستییلەی ویستوئارەزووەوە/ئیلزامییەوە ڕوونە. گرفتەکە، بەڵام لەو واتایانەدا هەن، کە لەڕێی تەرزی هێزەکانەوە دەگەیەنرێن: کەسی سێهەم (لەسەریەتی بیخوات)، بەڵام (بییەوێت و نەیەوێت هەر دەبێت بیخوات) ئاشکرا لە وشەو فرێزەکاندا ئامادە نییەو ئەمەیشە، کە پێویستە وەك زانیاریی لەلای قسەکەر بەندبێت بە (ا) کرداری *دەبێت* و (ب) بە تەرزی هێزی ڕستەکەو بەتایبەتیی دروستەواتاییەکەوە. بەم جۆرە ئاخێوەر هەم زانیاریی فەرهەنگیی و هەم زانیاریی فۆنۆلۆژیی (هێزو تەوژم) پێویستە، بۆئەوەی ڕستەکان بۆ بیرەکانی دابڕێژێت و دەریانبڕێت و واتاکانیان بەگوێگر/خوێنەر بدات و واتا شارەوەکان بگەیەنێت. هەروەها گوێگریش پێویستی بەو بنەما فەرهەنگیی و فۆنۆلۆژیانەیە، بۆئەوەی کۆدەکانی/جفرەکانی بەدروستیی وەربگرێت و لێکیانبداتەوە. ئەم ڕاستییە هەڵهێنجراوانەی لە دەربڕییندان بە دەنگەکانی زمان، دەیسەپێنن بەسەرماندا زانیارییە فۆنۆلۆژیەکان لە شێوەی 'هێمای هێزەکان' دا لە نوسییندا نیشانبدەین، چونکە ئەوانە بنەمای داڕشتنی چەشنەکانی تەوژمەکانیشن. واتا، تەوژمیش دەبێت ڕەمزی خۆی لە ئۆرسۆگرافیی کوردییدا هەبێت و پێیان بنوێنرێن. دیارە، کە مەبەست، بۆ نمونە، لەو هێزەیە کە لەسەر فرێزەکەی دروستە واتاییەکەی یەکە لەگەڵدا_هاتوەکەو هەندێك جاریش لەسەر خودی ئاوەڵکردارییەکەیە (١٧، ١٨).**

**١٩_ا) تەنها/هەر دوو پیاویان هاتن <تەنها دوو پیاویان هات/ن.>**

[[tWn . ha] . [d´u: . pyau . yan] . [h`a: . tIn]]

**(فەقەت دوو پیاو لە کۆمەڵە پیاوو ژنەکان هاتن (پیاوو ژنەکانی تر نەهاتن)،**

**، فەقەت دوو پیاو لەپیاوەکان هاتن (پیاوەکانی تر نەهاتن)،**

**_ب) دوو پیاویان تەنها مامۆستان، کە زمانەکە دەزانن**

**<دوو پیاویان تەنها مامۆستان، کە زمانەکە دەزانن.>**

[d`u: . pyau . yan] . [[tWn . ha] . [ma . mos . t´a:n]]

**(لەناو کۆمەڵەکەدا/مامۆستاکاندا، تەنها دوو پیاوی مامۆستایان زمانەکە دەزانن**

**(نە مامۆستا پیاوەکانی تردەیزانن و نە مامۆستا ئافرەتەکانیش)،**

**لەناو مامۆستا پیاوەکاندا، تەنها دوانیان دەیزانن (مامۆستا پیاوەکانی تر نایزانن)**

له (١٩) دا *دوو پیاو* لەڕێی /تەنها/ ی ئاوەڵکردارییەوە لە کۆمەڵەکە جیاکراوەتەوە، کە دەشێت هەمویان هەر پیاو بن یان تێکەڵ بن، بەڵام ناشێت هەمویان ئافرەت بن. لە (١٩_ا) دا /تەنها/ و /هەر/ هاوواتان و هەمان بەکارهێنانیان هەیە، بەڵام پێکهاتووەکەی (١٩_ب) بۆ هەندێك کەس بەم جۆرو واتایەوە کەمتر بەکاردەهێنرێت. پێکەوەهاتنی ئاوەڵکردارییەکان و بابەتی دییکە لەم هەوڵەی بەردەستتاندا شوێن و مەودای شیکردنەوەو ڕونکردنەوەیان نییە لەسەریان. لەم بارانەدا جۆری نوسیین بنەمایەکی بنەڕەتیی لە پێواژۆی 'گەیاندن و تێگەیشتن' لە بەرهەمە وێژەوانیەکان دادەڕێژێت.

## ئەنجام:

دابەشبوونی چەشنەکانی هێز تەواوکەرانەیەو چەشنی تەوژم واتای جۆراوجۆر دەردەبرێت:

- له فەرهەنگدا کاتەگۆری سەرەکیی فەرهەنگیی هێز_کۆتاییە، بەڵام ناسەرەکیەکانیان هێز_سەرەتایین.
- وشە، وردتر 'ناوی کرداریی' و فرێزی کرداریی چەشنی تەوژمی جیاوازیان هەیە.
- بەدەر لەو واتایانەی، توخمە فەرهەنگیی و یەکە سینتاکسیەکان هەیانە یان دەیبەخشن، پێکهاتوە سینتاکسیە ئاوەڵکردارییەکان/یەکە لەگەڵدا_هاتوەکان چەشنێك لە واتا بەرهەمدەهێنن، کە لەتەك ئەواندا چەند جۆرێکن لە واتای شاراوەو دەیانگەیەنن. ئەم واتایەنەی دوایی جیاوازن لە واتای پراگماتیکیی، کە بەخشکەیی دەردەبڕدرێن.
- چەشنی کرداری ڕستەو ڕستیلەکان لەگەڵ جۆری بەرکارەکان، بەتایبەتیی ناڕاستەوخۆکان ((١٠) هەمبەر بە (١١)) ڕۆڵیان لە نەخشاندن و گەیاندنی واتای جۆراوجۆرو زۆرتردا هەیە، بۆیە بەرهەمهێنانی ئەم واتایانە سنووردار نییە.
- ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕێگەی بۆ پۆلێنکردنی وشەکانی /تەنها، هەر/ مسۆگەرکردووە: (ا) /تەنها/ و /هەر/ ی ئاوەڵکرداریی، (ب) /تەنها/ ی هێز_لەسەری ئاوەڵکردار (٨_ب، ت)، (پ)/هەر/ ی کاتیی (*هەر کە هاتەژورەوە*)، (ت) /هەر/ ی جێناوی نادیاریی (کەرکەسێك، هەرچشتێك، هەر دوو، هەردوکیان) و وشە ژمارەیی (١٩).
- چەشن و جۆری نوسیینی گونجاو، کە پەیکاڵی نوسیینی ستانداردەو دەبێت بەشداریی لە پێواژۆی گەیاندن و تێگەیشتنی بەرهەمی نوسراودا بکات، ئامادەنەکراوە. نەبونی هێمای تایبەت بۆ هێز یان ڕەمزی گونجاو بۆ چەشنەکانی تەوژم لە ئۆرسۆگرافیی کوردییدا بەگشتیی بەشێکی ئەو هەژارییەی نوسراوەکان و زمانی نوسیینی ئەمڕۆیشە.
- لە نەبوونی بەرهەمی زانستییدا لەو بوارانەدا یان لە پشتگوێخستنی ئەو بنەما فەرهەنگیی و ڕێزمانیانەدایە، کە ناتوانرێت بەرهەمی لێکۆڵینەوە وێژەوانیەکان، هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان بە تەواوپڕاوپڕ دابنرێن و تەنانەت دەتوانرێت بیشگوترێت، کە سەرکەوتوو ئامانجپێك نەبوون. درکنەکردن بە وشەو فرێزە هەمان_دەنگییەکانی، تەوژم و واتا_جیاوازن، کەموکورتیی و هەڵەی زمانیی و واتایی/لۆژیکیی زۆریان لێکەوتەوەتەوە، لەپێش هەموویانەوە تێکەڵکردنی ئەو وشەو فرێزانە لە زمان_بەکارهێناندا بە دەم و بە نوسیین.

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردیی و زمانی بیانیی


محەمەدی مەحویی (٢٠٠٠) 'چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی کوردیی و عارەبیی'، زانکۆی سلێمانی.
= = (٢٠٠١_ا) 'ڕستەسازیی کوردیی'، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
= = (٢٠٠١_ب) 'زمان و زانستی زمان'، زانکۆی سلێمانی.
= = (٢٠٠٩_ا) 'فۆنەیتیك و فۆنۆلۆژیی'، زانکۆی سلێمانی.
= = (٢٠٠٩_ب) مۆڕفۆلۆژیی و تێکەڵبوونی پێکهاتەکان'، زانکۆی سلێمانی.
نەرمیین عومەر ئەحمەد (٢٠١٠) 'بەبەرهەمیی لە مۆڕفۆلۆژیی کوردییدا'، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.
وریا عومەر ئەمیین (١٩٩٤) 'هێزو ئاواز'،
= = = (٢٠٠٤) 'چەند ئاسۆیەکی زمانەوانیی'،

Hirt, H. (1895) “Der indogermanische Accent”, Strassburg.
Hulst, H. van der and Smith, N. (eds.) (1982) “The structure of phonological representations”, Foris, Dordrecht, Part I and II.
Schmerling, S.F. (1976) “Aspects of English sentence stress”, London.
Ungeheuer, G. (1977) “Sprache und Signale”, Hamburg.



**کورتە:**

هۆو ئامێری وێژەوانیی –بەدەم یان بە نوسیین– 'زمان' ی سروشتیی مرۆڤە، کە بەردەوام خۆی لەگەڵ پێوستیەکانیدا دەگونجێنێت. کاتێك زمانەوان لە چێوەی زانستی زماندا لەم زمانە دەدوێت، قسە لە فەرهەنگی ئاوەزیی و پێکهاتەکانی ڕێزمانەکەی دەکات، کە بریتیین لە سینتاکس، مۆڕفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی. سێمانتیکە سرکەکەی لە هەمو پێکهاتەو ئاستەکاندا هەیەو ئامادەیە. ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر زمانی کوردیی کراون و بەزۆریی بوارەکانی دوو پێکهاتەکەی یەکهەمیان گرتوەتە، تەواو پێڕەوبەندانەو تەواوپڕاوپڕ نەبون. بوارو مەوداکانی فۆنۆلۆژیی بەگشتیی پشتگوێخراون. لە ئەنجامدا بەرهەمی شیکەرەوانەی پەسنکەرانەی دیالێکتۆلۆژیی دروست بەدەستنەخراوە. لێرەوە نەگونجاویی زمانە بەستانداردبوەکە (=ئۆرسۆگرافیەکەی/زمانی نوسینەکەی) ئاشکرادەبێت، کە نەیتوانییوە وەك پێویست خزمەتی پڕبەپێستی گفتوگۆ، گەیاندن و لەیەکگەیشتنی پێبکرێت. بەرهەمە وێژەوانیەکان لەم حاڵەتە بەدەرنیین و وێنەئاوێنەیەکی ئەم ڕاستییەن. لەڕێی پێکهاتوە ئاوەڵکرداریەکانی /تەنها، هەر، فەقەت، بەتەنها/ و تەوژمە جۆراوجۆرەکانی یەکە لەگەڵدا هاتوەکانیانەوە، وەك بەشێکی گرنگی پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی ئەو ڕێزمانە، ئامانج_ئاڕاستەکراوەکانی لێکۆڵینەوەکە ڕونکراونەتەوە، گریمانەو بانگەشە زانستیەکەیان پێسەلمێنراوە.

المستخلص:

إنّ وسيلة وآلة الأدب -المنطوق أو المكتوب- هي اللُّغة الطبيعيّة للإنسان، والتي تتكيف مع الضروريّات بصورة مستمرة. عندما يتحدث اللُّغوي عن اللُّغة في إطار اللّسانيّات، فهو يتحدث عن المعجم الذّهنيّ ومستويات لغته، والمتمثلة ب: **النحو**، **والصرف**، **والصوت**، **والدلالة** المتحركة موجودة ومُتَهَيِّئة في كلّ المستويات الأخرى. وكثير من الدّراسات التي أُجريت في اللُّغة الكورديّة على المستويين الأولين لم تكن منتظمًا ومتجانسًا، أما مجالات وميادين المستوى الصوتيّ فقد أهملت بصورة عامة، وفي الختام لم تعطِ نتاج تحليليّ وصفيّ صحيح للدراسات اللهجية، ومن هنا يظهر عدم تناسب اللُّغة المعياريّة (اللُّغة الكتابة)، حيث لم تستطع أن تخدم المحادثة والتواصل والتفاهم بالشكل المرجوّ منها. ولم يكن نتاج الأدب بعيدًا عن هذه الحالة بل على غرارها فهو مرآة صادقة لهذه الحقيقة. ومن خلال مكونات هذه الظروف: تةنها، هةر، فةقةت، بة تةنها، والتيارات المختلفة للوحدات التي ساقت معهم، كجزء مهم للمكونات الصوتيّة في اللُّغة، وُضِح الهدف التوجيهيّ للبحث، كما قد أُثبتت الفرضيات وإدعاءات العلمية بموجبها.

## Abstract

Natural language is the only means and medium for expressing human needs, including literature. When tackled from a linguistic perspective, literary language forms the basis for conducting syntactic, morphologic and phonetic analzsis. These levels of linguistic expressions are the tools for expressing the rich semantic behind every literary text. Linguistic analeysis of the Kurdish language are mostly concerned with syntax and morphology, phonology seems neglectedto a large extend. This resulted in a gap in the descriptive analysis of the dialects hence the orthography of a proposed standardized language which can beused to encance communication. Literary works vastly reflect this reality. This point is investigated and proven through a phonological analysis of the adverbial construction like “tenha, her, ferqet, betenha”.